www.kurdistannet.org
01/07/2003 22:36

# کۆمەڵکوژی بەعسیەکان١ لە شاری سلێمانی ساڵی ١٩٦٣

وەرگێرانی: کاوە ئەمین

ئــەم کۆمەڵــکووژیە لەلایــەن پــارتی بەعسەوە کرا، کە لە فێبرووەری ساڵی ١٩٦٣ دا دەوڵەتیان پێکەوەنا و بڕیاریانــدا شــەڕەکە بــەدژی کــورد هەڵگیرسێننەوە و بەوشێوەیە ئەو پەیمانانەی دابویان کە دەیانەوێت کێشەکە بە ئاشتی چارەسەر بکەن، خستە ژێر پێ.

ئــەم ڕوداوانــە لــە ئــێوارەی ٨ و ٩ ی جــونی ١٩٦٣ دا لە شاری سلێمانی ڕویانداوە، کە گەورەترین شاری کوردە. ئەم میتۆدانە بەکارهێنران:

١- ڕاگەیاندنی ڕەوشی نائاسایی بەبێ ئەوەی پێشتر ئاگادرا بکرێنەوە.
٢- گرتنی هەموو ڕێگاو بان و ناوەندی شار بە دەبابە و سەرباز کە بەچەکی مۆدێرن چەکدار کرابوون.
٣- پشکنینی هەموو ماڵەکان بۆ گەران بەدوای پێشمەرگەدا.
٤- نیشانەکردنی هەموو ئەو خانوانەی کە دەپشکێندران.
٥- سوکایەتی کردن و لێدانی ژنان و پیرەکان.
٦- گــرتنی پێــنج هــەزار کــەس بە کارمەندانی شارەوانی و پیاوانی باوەڕپێکراو لەوانەش بەرپرسی کاروبــاری تەندروســتی و بەرپرســی کارگــەی چیمەنتۆ و جگەرە وهەموو دوکتۆر و موهەندیس و پــیاوانی ئــاینی و هەموو ئەفسەرە کۆنەکان. ئەو پێنج هەزار کەسە دوچاری ئەشکەنجە کرانەوە و لــە ساڵــۆنێکی ســەربازیدا بــەبێ ئــاو و خــوارند، کۆیانکــردنەوە. کەســوکاریان بــۆیان نەبوو سەردانیان بکەن.
٧- زۆربەی ماڵ و دوکان و گۆڕەپانەکان لەلایەن سەربازە بێ بەزیەکانەوە تالانکران.
٨- دەستریژی کردنە سەر ژنان و کچانی گەنج و

- لــێدانی پــیاوە پیرەکــان لەلایەن هەندێک لە سەربازەکانەوە. شایەتێک دەگێرێتەوە کە « ســەربازەکان ماڵــی پیاوێکی زۆر پیریان پشکنی بەناوی حاجی سیامەند بۆ ئەوەی تالانی بکــەن. بەڵام ئەوان هیچیان دەست نەکەوت تا بیدزن جگە لە سێ پاکەت جگەرە بۆیە ئەوان ســوکایەتیەکی زۆریــان بــەو پــیاوە کــرد لــە پــای ئەوەی کە هیچی لەماڵەکیدا نەبوو تا بیدزن«.
- لە نزیک سەیوانەوە وەستا مەحمود و فرۆشیار عەلی باوەیان کوشت.
- کارمەندی شارەوانی عومەر ئەمینیان لە سەرشەقام کوشت.
- کوتاڵفرۆشــێکیان لەگــەڵ بــراکەی بــەناوی مەحمــود حاجی عبدولرەحمان لە خانوەکەی خۆیاندا کوشت.
- میوەفرۆش، عەلی جولیان لە شەقامی سەیوان گولەباران کرد.
- ســەربازانی عێراقــی هێرشیان کردە سەر جێگا وەرزشیەکان، محەتەکان و ئەندامانی تیپی فــوتابالٚ. ژمارەیــەک مامۆستایان کوشت، لەناویاندا یاسین موحەمەد ساڵح و ئیسماعیل ئیــبراهیم و محەمــەدی حاجــی ســالح و ئەنــوەر ســەعید و دڵشاد حەمە فەرەج و سەردار بێکەس، هەبوون.
- هەشتا زیندانیان بەبێ مەحکەمە لە سێدارەدا، لەناویاندا:

کەمال موحەمەد حاجی فەرەج کە خاوەنی شەریکەیەکی بارهەڵگرتن بوو.

نووری وەیس، کارمەندی دەوڵەت بوو، دوای ئەوەی کە ئەشکەنجە دەدرێت، دەیکوژن، لە کاتــێکدا کــە هــیچ پەیوەندیەکی بە پێشمەرگەوە نەبوو بوو. خوێندکارانی لاو کرابوون بە

ژێـر دەبابەکانەوە بە بەهانەی ئەوەی کە لە شانەی شۆڕشدا ئەندابوون، لە ناویاندا دارا عەبـدولقادر، کـە خوێندکار بوو لە زانکۆیەکی ئەورووپیدا، حەمە سدیق و حەسەن سەردار کە خوێندکاری خوێندنی باڵا بوون و زۆری تریش.

- لە گوندی سەیدسادق کە لەنزیک شاری سلێمانیە، ئەفسەرێکی سوپا بە ناوی ماتار عەماش، ١٦ کەسـی گولەبارانکـرد کە لەناویاندا ژن و منداڵیش هەبوو، فەرمانی دا کە هەموو ناوچەکە بسوتێنن.

  زابتـێک کـە نەیویسـتبوو فـەرمانی عـەماش جێبەجێ بکات، لەلایەن عەماشەوە دەکوژرێت. پاشان وایان ڕاگەیاند کە ئەو زابتە، خۆی خۆی کوشتووە.
- لـە خانویەکـی نـزیک سینەما ڕەشید لە سلێمانی پیاوێکیان بە ناوی (. . . . .) بەستبووەوە و پاشان ١٢ سەرباز بە فەرمانی زابتێک دەستریژی دەکەنە سەر ژنەکەی.

دوای ئـەوەش تەرمـی ٢٦٧ کـەس لـە نـاو شـار و دەروبەریدا دۆزرانەوە. کێبوون ئەوانەی کە ڕاستەوخۆ بەرپرسیاری کوشنی ئەو خەڵکە سڤیلە بوون؟ ئاشکرا بوو کە برای سەرۆککۆماری ئێستا (عبدولرەحمان)، سەرۆککۆماری پێشوو عەبدولسەلام عارف و پارتی بەعس بوون کە بەرنامەیان هەبوو لە ڕێگای هەوایی و پیادەوە شارەکە خاپوور بکەن.

بـەڵام هەنـدێک لە ئەندامانی دەوڵەت دژی ئەو پیلانە بوون. دەرەجەدارانی سەربازی بەرنامەکەیان خستە ئەسـتۆی خـۆیان و پـیادەیان کـرد و بەرپرسیارێتی ئەو کوشتارەیان کەوتە سەر شان، ئەوانیش ئەمانە بوون:

١- جەنەراڵ سدیق مستەفا.
٢- سەرۆکی پۆلیس حەسەن زەینەلعابدین.
٣- زابت جاسم.
٤- دوکتۆری سوپا موحەمەد عەلی حسین، کە ئەندامی عیزبی بەعس بوو.
٥- کاپتن عابد ئەلوان، بەرپرسی سێکشونی دیسپلینی سوپا.

هـەزاران پـیاو ژن دەتـوانن بـە وردی شایەتی ئەم کۆمەڵکوژیە بدەن. شاری سلێمانی جارێکی تریش ڕوبەڕوی هێرشێکی لەو جۆرە بووەوە، داواهەمینیان لە ٢٣-٢٤ مارسی ١٩٦٦.

[1] ئەم نووسینە بەشێکە لە کتێبێک کە ساڵی ١٩٦٧ لە سوێد بلاوکراوەتەوە، بە ناوی ڕاپۆرتێک لە کوردستانەوە، هەموو کتێبەکەم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و ئامادەی چاپە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت